# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٣٣) لە ٢٠١٩/١١/٦

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣) لە ٢٠١٩/١١/٦، و لەبەر ڕۆشنایی بەشی چاکسازی لە ئاستی کارگێڕی هاتوو لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم، بڕیاردرا بە:

١. پێداچوونەوەی ورد بە پێکهاتەی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بەپێی پلان و خشتەیەکی زەمەنی دیاریکراو بە ئاڕاستەی بەدامەزراوەییکردن و ڕێکخستنەوەی هەیکەلیەت بە گوێرەی پێداویستی فیعلی و تایبەتمەندی.

٢. لە دوای پەسەندکردنی هەیکەلیەتی نوێ لە دەرئەنجامی جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی سەرەوە، پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار میلاکی هەر یەکەیەکی بەڕێوەبردن سەرلەنوێ دەستنیشان بکات بەپێی ناونیشان و پلەی وەزیفی و لەبەر ڕۆشنایی یاسای میلاکی بەرکار لە هەرێم.

٣. پێویستە بۆ هەر ناونیشانێکی وەزیفیی پەسەندکراو بەپێی بڕگەی (٢)ی سەرەوە (وەسفی وەزیفی) هاتوو لە (دلیل وصف الوظائف) ڕەچاو بکرێت و پابەند بن پێوەی.

٤. لەبەر ڕۆشنایی هەیکەلیەت و میلاك و وەسفی وەزیفیی نوێ کە پەسەند دەکرێت بەپێی بڕگەکانی سەرەوە، ئەوا سەرلەنوێ هێزی کاری ئێستا ڕێکدەخرێتەوە و دابەش دەکرێتەوە لەسەر سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت لەسەر بنەمای پێداویستی و تایبەتمەندێتی و پسپۆڕیی و شوێنی جوگرافی و شارەزایی پشت بە یاساکانی پەیوەندیدار بە ڕاژەی گشتیی بەرکار و لەسەر بنەمای پێداویستی یەکەی بەڕێوەبردنەکان لە هەر وەزارەت و دەستە و لایەنێکی نەبەستراو بە وەزارەت بێت.

٥. وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت پێویستە تا کۆتایی ساڵی دارایی ٢٠١٩ کاری پێویست ئەنجام بدەن بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە تاوەکو بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٠ بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٦. پێکهێنانی لیژنەیەکی پشتیوانی لەم بەرپرسانەی خوارەوە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە، بە ڕەچاوکردنی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم، و ئەم لیژنەیە دەسەڵاتی پێویستی هەیە بۆ جێبەجێکردنی بڕگەکانی ئەم بڕیارە:

أ) وەزیری دارایی و ئابووری.

ب) وەزیری پلاندانان.

ج) سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

د) سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

هـ) سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.

و) سەرپەرشتیاری پرۆژەی بایۆمەتری لە نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

ز) سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٧. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران